# شوێن مانەوە
# شوێن وەکو بەهایەکی سۆفیگەری
## بەشی یەکەم

نەجات حەمید ئەحمەد

له سۆفیگەراییدا شوێن لەسەر زەوی و لەنێو کۆمەڵگەدا شوێنێکی کاتی و نەویستراوە، چونکە شوێن بەگوناهەکانی مرۆڤ نەنراوەتەوەو مرۆڤ خاوێن و پاکژ نابێتەوە ئەگەر ئەو شوێنە جێنەهێڵێ، لەڕووی مانەوەیەکی بەردەوامی مرۆڤ لەشوێندا هەموو هەوڵەکانی مرۆڤی سۆفیگەر بۆ ئەوەیە پراکتیکی جیابوونەوەی خۆی بکات لەشوێندا، چونکە تەنها لە تەنیاییبوون و جێهێشتنی شوێندایە، کە سۆفیگەر دەیەوێ لەو شوێنە نزیک بێتەوە، کە دۆزینەوەی کۆتاییە کە ئەویش نزیکبوونەوەو ئاوێتەبوونە لەگەڵ بوونێکی گەورەو بێ سنوور کە بوونی خودایە. ئاخر سەرچاوەی ئەم مەیلە قووڵەی مرۆڤ لەکوێوەیەو چ هۆکارێکی لەپشتەوەیە؟ زەوی بەهەموو بوونەکانییەوە، مرۆڤ و شوێنەکەی پڕن لە گرفتاری و چێژو خۆشی و کامەرانی، پڕن لە کلتوورێک لە چێژوەرگرتن، کە بەچێژی دنیایی ناوزەد دەکرێت و، وا لە مرۆڤ دەکەن کە هۆگرو گرفتارو سەرسامی ماناکانی چێژوەرگرتن بێ لە بوونی خۆی، ئەم گرفتاریبوونە سەرەتای گومڕایی بوونی دنیاییینە، سەرەتای دوورکەوتنەوەیە لەو هێزانەی کە خودا بەمرۆڤی بەخشیوە، کە لەو دنیا گومڕایە دەرچێتە دەرەوەو بەرەو دنیای بەخشندەیی و ڕووناکبوونەوەو توانەوە بڕوات، چونکە سۆفیگەر بڕوای وایە بەقووڵبوونەوە لە تەنیایی و تێگەیشتن لە مانای وشە پیرۆزەکان و

خۆداماڵاندن لە هەموو حاڵەتێکی مرۆیی پڕ لە چێژو گرفتاری، ئەوا ئەو لەناخەوە ئەو زیانە لەو شوێنەدا رەتدەکاتەوە کە بۆی دیاریکراوەو بەو شوێنە رازی نییە کە بۆی دیاریکراوە، بەمەش جێهێشتنی شوێن لە لای سۆفیگەر دەبێ لە ژیاندا رووبدات نەک لە مردندا، لەو کاتەی دەقی ئایینی جێهێشتنی شوێن و رووبەڕووبوونەوە لەگەڵ رابردووی ژیانی خۆی و گوشادبوونی بە بەهەشت هەر لەپاش مـــــردنە، واتە پاش جێهێشتنی شوێن وەکو گیان و لەناوچوونی جەستە، لەو کاتەی لە سۆفیگەراییدا گوشادبوون بەگەیشتن بەو شـوێنەی ئەودیوی واقـیع و دڵنیابوون لە گەیشتن بەو شوێنە مردن هۆیەکی، یا مەرجێکی دڵنیابوون نییە بۆ گەیشتن بەو شوێنە. ئایینپەرستی خووگر بەدەق و کەشە ئاساییەکانی خواپەرستی، دڵنیابوونە لە بەخشندەیی پاش مردن و جێهێشتنی شوێن لەوکاتەی سۆفیگەر لە ژیاندا بەو دڵنیاییبوونە دەگات. هۆی سەرەکیی ئەم برینی قۆناغە لە لایەن سۆفیگەرەوە لە کوشتنی زەمەنەوەیە، چونکە زەمەن لە لای سۆفیگەر بوونێکی بێ سەرەتایی کۆتاییەو زەمەنی مردن و ژیان درێژبوونەوەی یەک زەمەنە، کە ئەو بەگەیشتن بەترۆپکی سۆفیگەریی زەمەن دەکوژێ و دەکەوێتە زەمەنی رەهاییەوە، ئەمەش مانای وایە لە سۆفیگەراییدا زەمەنەکان یەک زەمەنن لەشوێندا، کە زەمەنێکی وەهمی و پڕ لە گرفتارییەو لەپاش ئەو زەمەنە، زەمەنی رەهایی دەستپێدەکات کە زەمەنی زیندوویێتی نەپساوەو هەمیشەییەو قەتاوقەت سنووری بۆ نییەو تەواو نابێ، کەوابێ زەمەن لە ژیاندا یاخود چاکتر بڵێین لەشوێندا زەمەنێکە پەیوەستکراوە بەگرفتارییە گەوهەرییەکانی مرۆڤ لە چێژوەرگرتنداو ترسی لەدەستدانی چێژەکانییەتی ترسی کۆتایی هاتنە بەچێژو حەزو گرفتارییەکانی هەربۆیە شوێن بەلای مرۆڤەوە سەرچاوەی کامەرانییە کە بەمردن تەنزاوەو بەزەمەنی چێژەکانەوە وابەستکراوە، مرۆڤی چێژوەرگر ئەو مرۆڤەیە، کە هەمیشە بەدوای درێژکردنەوەی زەمەن و راهاتن لە مانەوە لەشوێندا دەگەڕێ، هەربۆیە سیستەمە کۆمەڵایەتی و سیاسی و دەسەڵاتداریتی و سنووردانان لەشوێن و لەنێوان کۆمەڵگاکاندا، ئەو هەوڵانەی مرۆڤن، کە تاکو تەواوبوونی زەمەن لە مردندا هۆگری بەدنیاوە دەخولقێنن، هۆگریەک کە وای لێدەکەن ژیانی لە لادا شیرین و خۆشەویست دەکەن و هەمیشە نارەواییەکی قووڵی لە لادا دروستدەکەن بەرامبەر بەتەواوبوونی ئەو زەمەنە لەشوێندا، هەربۆیە شوێن سەرچاوەی چێژو ژیانە، بەڵام بەلایەنی سۆفیگەرەوە ئەم شوێنە شوێنی گومڕایی و دوورکەوتنەوە لە بوونی خواو هەوڵدان بۆ گەیشتن بەو شوێنەی بوونی خوای لێیە تاکو لەوێدا کۆتایی بەو زەمەنە بێنێ، لەڕوویەک لەڕووەکانەوە ئەم مانایە لە ئایینی ئیسلام و لە قورئاندا بەرجەستەکراوە، کە ژیانی دنیا بەژیانێکی کاتی و کات بەسەربردن و یاری و گەمە ناوزەد دەکات، مردن لە هەمان شوێنی لەدایکبوون بەلای سۆفیگەرەوە جۆرێک لە خۆکوژیی نەزانی و دەبەنگییە، چونکە مرۆڤ هیچ دڵنیابوونێکی وای لە لادا نابێ کە لە مردندا بەو چێژانە دەگاتەوە کە لە ژیاندا لە دەستیان دەدات، مەرجی گەیشتن بەو خۆشیانەو

گەیشتن بەچێژ لە خوداپەرستیدا زۆر دەگمەن دڵنیابوونی تێدا دەبێت، هەموو ئەو ڕێنماییانەی لەسەرەوە بۆ خوارەوە بۆ مرۆڤ دێن لە بوونی مرۆڤ و ڕەفتارو بیرکردنەوەی لە زەمەنی پێش مردندا، هەموو مافێکی مرۆڤ لەو چێژانەدا والادەکات، بەڵام لە سۆفیگەرادا ئەم مافانە ڕەتدەکرێتەوە، چونکە بەجۆرێک لە گومڕایی جەستەیی و هەستیاری و هۆشیاریی مرۆڤی دادەنێن، هەربۆیە سۆفیگەر لەو ڕێنماییانە دەردەچێ و لە بڕینی سنوورەکانی زەمەنی مردندا دەکات، یاخود پەلە لە کوشتنی زەمەنی ژیانی مەرجداردا دەکات، ئەو دەیەوێ لە زەمەنی ژیانەوە بەرەو زەمەنی ڕەهایی و یەکبوون لەگەڵ بوونی خودادا بچێت و شوێنێکی مەرجدار جێبێڵێ بۆ شوێنێکی سەرمەدیی هەمیشەیی بۆ شوێنێک کە گومان و ڕاڕایەکان کە دڵەڕاوکێ و ترسەکان، کە خەون و هیواکان، کۆتاییان دێ و ئیتر ترس لە لای مرۆڤدا نامێنێ، هەربۆیە سۆفیگەر زەمەنی مەرجدار بەمردن ڕەتدەکاتەوەو لەنێو جەرگی ژیاندا کۆتایی بەژیان دێنێ و سنوورەکانی مردنیش تێپەڕدەکاو مردنی زەینی و عەقڵیش رادەگەیەنێ. سۆفیگەر دەیەوێ بەرەو جێهێشتنی زەمەنی مەرجدارو دیارکراو بچێت، هەربۆیە لە لایەن دەسەڵاتداران و پارێزەرانی دەقەوە سۆفیگەرەکان بەکەسانی یاخی و گومڕاو و بێ باوەڕ لەقەڵەم دەدران و زۆریشیان لەناودەبران، زۆربەی ئەڵقە سۆفیگەراییەکان لە لایەن دەسەڵاتەوە ڕاونراون و ئەوان لەژێرزەمیندا ژیاون، چونکە شوێن لە لای سۆفیگەر شوێنی ژیانی دیسپلینکراو و شوێنی گومڕابوونەکانەوە.

هۆکارێکی دیکەی پشتەوەی جێهێشتنی شوێن لە سۆفیگەراییدا بەرجەستەکردنی ڕەتکردنەوەی گوناه و ئەو چارەنووسەیە، کە مرۆڤ دەکاتە بوونەوەرێکی تاوانبارو دوورخراوە لە بەخشندەییەکانی خودا، واتە گەڕانەوە بۆ پاکێتیەک، کە گوناهەکانی مرۆڤ دەسڕێتەوەو مرۆڤ لە هەستی دووری و تاوانباری ڕزگاردەکات، مرۆڤ بەپێی ئایینەکان لە بەخشندەیی نزیکبوونی لە خوداو ژیان لە سەرمەدییەتداو ڕەتکردنەوەی مردن و مانەوەی هەمیشەیی دەردەکرێ، لەوکاتەی لە ڕێنمایی و گوتەکانی خودا یاخی دەبێ و بەرەو گومڕایی دەچێت لە هەردوو مانادا، کە هۆکاری دوورخستنەوەی مرۆڤ لەو بەهەشتە شێوێک بێ، یا ئافرەتێک، مەسەلەکە هەمووی پەیوەستە بەچێژی مرۆڤەوە کە نەیتوانیوە دەستبەرداری بێ، هەربۆیە بەرەو زەوی دووردەخرێتەوەو چیتر ئەو بەو بەختەوەرییە سەرەتاییەی بوونی خۆی گوشاد نابێت، چونکە کار لەکار دەترازێ و چارەنووسی مرۆڤ دوورخستنەوەیەو ئەمەش لەناخی هەرەقووڵی مرۆڤدا وەکو هۆشیارییەکی خامۆش دەبێتە کلتوورێکی پڕ لە نیگەرانی کە هەموو سنوورێکی بوونایەتی بۆ دانراوە کە نەتوانێت جارێکی دیکە پەی بەو شوێنە بەرێتەوە ئەوەی لێرەدا مەبەستمانە ئەم شوێنەی سەرزەوی وەکو ئەو زیندانە وێنەکراوە کە هێزی یاخیبوون لە خودا. «شەیتان» مرۆڤ بەرەو گومڕایی دەبات لەشوێندا، بەردەوام شوێنی لە لادا دەکاتە شوێنێک بۆ چێژوەرگرتن و مانەوە، هەربۆیە هەموو هەوڵەکانی سۆفیگەر لە کۆتایی هەموو شتەکاندا لەوێ کۆدەبێتەوە کە لە لایەکەوە بەهۆی زانستێکی ئایینیەوە، کە لە کەش و وشەو

بێدەنگی و (غەیبووبە»دا بەرجەستەدەبێ بگاتەوە ئەو شوێنە سەرەتاییەی خۆی، ئەو شوێنەی کە لێی دەرکراو لێی بێبەشکراو، هەموو هەوڵەکانی سۆفیگەر گەیشتنە بەو بەختەوەرییەی کە لەشوێنیدا سەپێنراوی سزاوە بگەڕێتەوە بۆ شوێنی ئازادی و لێبوردن، هەربۆیە شوێن لە لای سۆفیگەر شوێنێکە کە لە دەرەنجامی هەڵەکانی مرۆڤەوە بەسەریدا سەپێنراوەو مرۆڤ تەنها لە ژیانیدا دەتوانێ بگاتەوە ئەو شوێنەی لێوەی هاتووەو بە بەخشندەییەکان بگات، کەواتە دەرچوون لەشوێن و گەڕانەوە بۆ شوێنی سەرەتایی مرۆڤ پاکبوونەوەو خۆپاقژکردنەوەیە لە گوناهەکانی شوێن و لابردنی سزا بەسەر مرۆڤدا، بەمەش شوێن لە لای سۆفیگەر شوێنێکە بۆ زیندانی بوونی مرۆڤ لەنێو گوناه و رازیبوون بەگوناه و مانەوە لەشوێنی بەگوناهکراودا. سۆفیگەر کەسێکی خەوبینە، کەسێکە بەرەو قووڵاییەکانی ناوەوەی خۆی و هێزە شاراوەکانی خۆی دەچێت، هێزە پەنهانەکانی مرۆڤ، کە تواناو ئیرادەیەکی تازەی پێدەبەخشن لە رووبەڕووبوونەوەی واقیعێکی مێژوویی کە نەوەکان یەک لەدوای یەک تیایدا دەژین.

هۆکارێکی دیکەی ئەم رەتکردنەوەیەی شوێن و هەوڵدان بۆ دەرچوون لەشوێن، لەو باوەڕەوەیە کە سۆفیگەر دەربارەی خودی رەگەزە پێکهێنەرەکانی بوون هەیەتی، وەکو دوو بوونەوەری درکپێکراو و بوونەوەرێکی بێ گیانی درکپێکراو، لەو باوەڕەی مرۆڤ بەشێک نییە لە بوون، چونکە بوون هەمووی بوونێکی داماڵدراو و دابڕاوە لە مرۆڤ، مرۆڤ بەشێک نییە لەشوێن، چونکە شوێن هیچ هاوبەشی و مانایەکی دڵنیاکەر هەڵناگرێ، واتە مرۆڤ رەگەزێک نییە لە رەگەزە پێکهێنەرەکانی بوون، ئەو رەگەزەی لەشوێنەوە لەدایکدەبێ و بۆ شوێن دەگەڕێتەوە، بەو مانایەی شوێن نە هۆیەکە بۆ بوونی مرۆڤ و خوڵقاندنی و نە شوێنێکە بۆ نەبوونی مرۆڤ لە مردندا لە چوارچێوەی شوێندا، مرۆڤ وەکو گەڕیدەیەکە کە درک بەخۆی ناکات شوێنی لەکوێیە هەرچەندە شوێن رەتدەکاتەوەو بە بەشێک لە بوونی خۆی نازانێ، بەڵام مرۆڤ ئەو ژیان و مردنەی لەشوێندا بۆی دیارکراوە رەتی دەکاتەوە، بەو هیوایەی ژیان و مردن بگوازێتەوە بۆ شوێنێکی دیکە، واتە ژیانێک تەنها ژیانەو مردنی دیارنییەو نەزانراوە، بۆچی شوێن بەشێک نییە لە بوونی مرۆڤ؟ سۆفیگەر بەو چاوەوە سەیری بوون و گەردوون ناکات، کە خوڵقێنەری تواناو هێزەکانی بیرکردنەوەی مرۆڤن، یاخود ئیلهامبەخشن بۆ بوونێکی دیکەی سەرەوەیی کە ئەو بەشێک بێت لە ماناکانی ئەم بوونە، سۆفیگەر بەو چاوەوە سەیری شوێنی مرۆڤ دەکات، کە مرۆڤ تەنها بۆ ئەوە خوڵقاوە کە ئەو شوێنە جێبێڵێ، بەو مانایەی بوونایەتی شتەکان لە زەینی سۆفیگەردا بوونیان نییەو ئەو خۆی وەکو مرۆڤێکی بێ شوێن و بێ کێش و بێ زەمەن لەقەڵەم دەدات، تەنانەت خۆی لە کۆمەڵگەی نێو شوێنیش بەنامۆ دەزانێت، بەمەش سۆفیگەر کەسێکی وێڵە، زمانی، زمانی شوێن و کۆمەڵگە نییە، بیری، بیرکردنەوەی کەسەکانی دەوروپشتی نییە، هەرچەندە ئەو ژیان بەتەواوی مانا دنیاییەکانی پەیوەست بەشوێنەوە رەتدەکاتەوە، هەربۆیەش ئەو نایەوێت وەکو مرۆڤەکانی دیکە ناسنامەی شوێنی هەبێت، ناسنامە بەو مانایەی مرۆڤ وەکو ناوەندی بوون و

گەردوون سەیری بکرێت، هەروەکو چۆن زەوی بەناوەندی هەسارەکان دادەنرێت، چونکە مرۆڤ دەبێتە خاوەنی ئەم بوونە، ئەمەش مانای ئەوەیە کە شوێن لە لای سۆفیگەر بوونێکی ئاوێتەیی نییە، کە گیان و بوونی مرۆڤ تیایدا ئارام بگرێ، بەڵکو شوێن لە بوونی مرۆڤدا هەمیشە جێگەی گومان و ڕاڕایی و ڕەتکردنەوەیە هەرچەندە مرۆڤ کاتێک هۆگری شوێن دەبێ و شوێن خەونە ئەفسووناوی و ئەفسانەییەکانی دێنێ، لە کلتووری کۆندا گەیشتن بەشوێنی هەڵبژاردراو کۆتاییەکە بۆ هەموو جەربەزەییەکانی مرۆڤ و کێشەکانی، فیرعەونەکان لەشوێندا بەدوای نەمریدا گەڕاون، هەڵگرتنی لاشەکانیان دەلالەتێک بووە بۆ مانەوەیەکی هەمیشەیی لەشوێندا، کە هەر گۆڕانەکانی گیان و ئەودیوی بوون، ڕۆژێک لە ڕۆژان گیانیان پێ دەبەخشێتەوەو دێنەوە ژیان، ئەم جۆرە بۆچوونانەی مرۆڤ بێ گومان بۆچوونێک کە لەگەڵ نهێنییەکانی شوێندا گونجاون، تازەترین بۆچوونیش لەملایەنەوە ئاشکرابوونی هاوتایی بوونی شوێنە لەنێوان ژمارەی ئەهرامەکان و چۆنێتی دابەشبوونیان لەگەڵ ئەستێرە بەرجەستەییەکانی کاکلشاندا، ئەمەش گەڕانی مرۆڤ بووە بەدوای ئەو شوێنانەی کە لەدەرەوەی شوێنی ئەودان و دەشێ باوەڕی مرۆڤ بووبێ، کە ئەو شوێنە گەردوونییە هێزی خولقێنەری مرۆڤ بوونە لە سەردەمانێکی زۆر کۆندا، باوەڕی لەم جۆرە بۆ شوێن لە هونەرو ئەدەبیاتی مرۆڤدا زۆرن، بەڵام بوونایەتی مرۆڤ و نە هیچ نهێنییەکی مرۆڤ هەڵگرێ، چونکە شوێن وەهم و خەیاڵە، ئەمەش ئەوە دەگەیێنێ سۆفیگەر دەیەوێ لە وشەو کەشەکاندا بەرجەستەی بوونی مرۆڤ لەشوێندا بکات، نەک شوێن ئیلهامی بەرجەستەکردنی وشەو کەشەکان بێ، ڕوویەکی دیکەی ڕەتکردنەوەی شوێن لەوێوەیە لە لایەن سۆفیگەرەوە، لەوێوەیە کە شوێن لە هەموو هێزو توانایەکی خولقاندن داماڵدراوە، بەو مانایەی بوونی مرۆڤ بوونێک نییە کە شوێن لە پشتەوەی خولقاندنی بێت، بەڵکو شوێن ئەو وێستگە کاتییە کە گیان بەجەستەوە بەرەو ئەودیوی شوێن دەبات، واتە شوێن مەیدانی مردن و بوونەکان نییە، بەڵکو شوێن پانتاییەکی کراوەی بێ سنوورە کە بەگەیشتن بەهەندێک حاڵەتی وەجدو گەشانەوەی زەینی، زەمەن و شوێن وەکو کاتی سنووردارو شوێنی سنووردار بوونیان نامێنێ، چونکە سۆفیگەر چەندێک نزیک بێتەوە لەوەی لەشوێن جیا بێتەوە ئەوەندەش بەوە گوشادە، کە ڕاستییەکانی شوێنی لە لادا واڵادەبێ، هەربۆیە زەمەن و شوێن بوونیان نامێنێ، هەرچەندە شوێن و زەمەن لەبەردەم ئەو هێزەی کە بوونێکی نابوونایەتی دەگرێتەوەو لێوانلێوی دەکات لە دەرپەڕین و ئازادیی زەینی و گیانی، ئەوەندەش دەستەباڵایی ئەو لە جێهێشتنی زەمەن و شوێن زیاتر دەبێت، بەڕادەیەک شوێن و زەمەن هیچ دەلالەتێکی ئەوتۆیان نامێنێ، هەرچەندە سۆفیگەر بەرەو شوێنێک یا بەشوێنێکەوە خەون دەبینێ، کە نە زەمەن و نە شوێن بوونیان نامێنێ، ئەمەش جۆرێکە لە ڕەهایی بوونە فانتازییەکانی مرۆڤ بەوەی بەشوێن و زەمەن حوکمدارەو شوێن و زەمەنیش بوونی دەسڕنەوە، لە زۆربەی ئایینەکاندا ئەم ڕەهایی بوونە وابەستەکراوە بەتێگەیشتن و کەشەکانەوە؟ هەمووش وا

بەستەکراون بەتوانای خولقێنەری وشەو ماناوە، چونکە وشەو مانا نهێنیی بوون هەڵدەگرن، گەر خوداوەند نەیگوتایە«ببە» ئەوا بوون نەدەبوو، گەر مەسیح نەیگوتایە هیچ رووی نەدەدا، گەر مووسا نەیگوتایە دەریا شەق ببێت، هیچ رووی نەدەدا، گەر ئەیووب وشەکانی نزای نەخوێندایە رزگاری نەدەبوو، کەواتە سۆفیگەر بەدوای هێزێکدا دەگەڕێت کە توانای دەرکردنی ئەوی هەبێ لەو شوێنەی تێیدا قەتیس ماوە، لەو شوێنەی کە هیچ بوونێکی لە گیانی ئەودا نییە، هەربۆیە ئەو لەڕێگەی وشەوە دەیەوێ گیان رەها کات، بەو ئومێدەی کە شوێنی نامۆ بەخۆی جێبێڵێ و بەرەو شوێنێکی راستەقینە بچێت، تاکو رووی راستەقینەی خۆی بدۆزێتەوەو شوێنی راستەقینەی خۆشی بدۆزێتەوە، لەم کورتە باسەدا ئەوەی لێوەی وەکو دەرەنجام دێتە دەست ئەوەیە، کە شوێن حەشارگەیەکی نامۆییە بۆ مرۆڤ هەرچەندە مرۆڤ بەهەموو چێژو حەزو خولیاکانییەوە بەچارەنووس و زەمەن و ژیان و مردنی خۆی گوشاد نییەو هەموو دڵنیابوونەکانیش لە هەموو یاوەرەکانیدا وەکو کاردانەوە وایەو گومانێکی گەورەش لەناوەوەی ناخی دەکوژێ، لەوکاتەی دەگاتە ئەوپەڕی دڵنیایی لە بوونی خۆی، ئەو ئاماژەیەک بەرجەستەدەکات کە ئەویش کوشتنی گومانەو لە پێناوی پراکتیککردنی ئەو گومانەدا خۆی بۆ ترۆپکی دڵنیایی دەبات، پڕ مەشق مرۆڤ و نهێنییەکانی بوونی خۆی لەشوێندا شوێنی راڕایی و ناجێگیربوونە، شوێنی پرسیارو خەون و هیوایە شوێنی کامەرانی و نیگەرانییە، ئەمەش بەتەواوەتی ئەوە دەردەخات کە بوونی مرۆڤ بوونێکی دوو سەرەییە، کە ناتوانێ بەلای هیچ یەکێکیاندا بەتەواوەتی بحەسێتەوە، چونکە هیچ لایەکیان بوونی کوشتنی ئەوی دیکە بوونی نییە، گەمەش هەروەها ئەوە دەردەخات ئەم دوو سەرەیی بوونەی مرۆڤ و بوون، دەلالەت لە بوونێکی شاراوەی دیکە دەکەن بەهەموو ماناو بەرجەستەبوونەکانی زەین و ئامادەبوونەوە پەیوەست بەمانەوە، مرۆڤ لە مانەوەیەکدا دەژی کە کاتییەو هەموو رۆژێک نەبوون لەناخی خۆیدا دەکوژێ، چونکە بەو واقیعەوە ناژێ کە هەموو بوون بەلایەنی ئەوەوە سنووردارو مەرجدارەو کۆتاییان لەدواوەیە، بەڵکو بەو عەقڵیەتەوە دەژێ کە نەبوون بوونی نییەو مانەوە هەمیشە کامەرانییەکانی بۆ دابین دەکات و لە ئازارەکانی ناوەوەی خۆی رزگاری دەکات، بێ هوودە نییە فەلسەفەی زۆربەی کۆمەڵگەشە سەندووەکان بۆ ژیان و مردن ئەمەیە، کە مرۆڤ بەتەنهایی لەدایکدەبێ و بەتەنهاییش کۆچ دەکات، کەواتە یا مانەوە لەم شوێنەو لەم ژیانە پڕ لە ئاسوودەیی و کامەرانی بکەین، مادامەکی بوون تەنها مردن و ژیانی لێوە لەدایکدەبێت، وابزانم مرۆڤ هێشتا بەهەموو باوەڕو فەلسەفەو زانستەوە لە وەهمێکی گەورەدا دەژێ.